
# ماڵێکی نهێنیی شکسپیر دۆزرایەوە

## شانۆنامەی ڕۆمیۆ و جولێتی لەو ماڵەدا نووسیوە





■ ئا: بژار حەکیم

لە توێژینەوەیەکی نوێدا کە لە بەریتانیا ئەنجامدراوە، ماڵێکی نوێ و نهێنی نووسەری ناوداری جیهان شکسپیر دۆزرایەوە. بەپێی توێژینەوەکەش شکسپیر شانۆنامەی بەناوبانگی ڕۆمیۆ و جولێتی لەو ماڵەدا نووسیوە.

شانۆنووس (جێفری مارش) دوای شەونخونییەکی زۆر و گەڕان بەدوای بەڵگەنامە مێژووییەکاندا، لە ئەنجامدا توانی ئەو شوێنە نهێنییەی شکسپیر بدۆزێتەوە. بەڵگەکان وا دەردەخەن شکسپیر لە خانوویەکدا نیشتەجێ بووە کە ئێستا بە ژمارە 35ی شەقامی گریت سانت هیلین ناسراوە. ئەو شوێنە ئێستا باڵەخانەیەکی تێدا دروستکراوە کە ئۆفیسی جۆراوجۆر لەخۆ دەگرێت و نزیکە لە کەنیسەی سانت هیلین لە ڕۆژهەڵاتی لەندەن.

بەپێی توێژینەوەکە کە تایبەت بووە بەدیاریکردنی شوێنی ئەو خانووەی شکسپیر لە لەندەن تێیدا نیشتەجێ بووە لەو کاتەی ڕۆمیۆ و جولێتی دەنووسی، ئەوەی زانراوە شکسپیر لە خانوویەکی نزیک لە وێستگەی لیڤەرپووڵ ستریت لە ڕۆژهەڵاتی لەندەن لە ساڵانی نێوان 1597 و 1598 نیشتەجێ بووە.

دوای 10 ساڵ لە گەڕان و بەدواداچوون، دەرکەوت شکسبیر لە نەوەتەکانی سەدەی شانزەمیندا شوقەیەکی لە باڵەخانەی کۆمپانیای چەرم فرۆشان بەکرێ گرتبوو کە کۆمپانیاکە لە سەردەمی شاژنە ئەلیزابێس کاری ڕێکخستنی فرۆشتنی چەرمی دەکرد.

ویلیام شکسپیر یەک لە گەورەترین شاعیران و نووسەران و شانۆنامەنووسانی مێژووی مرۆڤایەتی و ئەدەبی ئینگلیزییە، لە شاری ستراتفور ئابوون ئافون لە ئینگلتەرا لەدایک بووە و لە 23 ی ئەپریلی 1616، لە تەمەنی 52 ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە.

# لە هەولێر ماڵی کتێب دامەزرا

## یەکەم کتێبی هاوبەشی شیعر بەناوی ئەلف چاپ و بڵاودەکەنەوە




■ ئا: ئەدەب و کولتوور

لە هەولێر ( ماڵی کتێب) بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە ڕاگەیێندرا و ئامانج لە دروستکردنی ماڵەکەش چاپکردنی کتێبی نووسەرانە لە بواری ئەدەب. ئەندامانی ماڵەکە لەسەر ئەرکی هاوبەشی دارایی خۆیان پرۆژەکە بەڕێوەدەبەن.

ئەسکەندەر زرار یەکێک لە ئەندامانی دەستەی دامەزرێنەری ماڵی کتێب بە (ئەدەب و کولتووری ڕووداو)ی ڕاگەیاند، ئێمە وەک ژمارەیەک نووسەر و شاعیر بڕیاری دامەزراندن و ڕاگەیاندنی ( ماڵی کتێب) بۆ چاپ و بڵاوکردنەوەمان دا کە دەستەکە لە 9 ئەندامی دامەزرێنەر پێکهاتووە و هاوکات نزیکەی 50 نووسەری دیکەش لە ماڵەکەدا ئەندامن.

ئەسکەندەر زرار گوتیشی، دامەزراندنی پرۆژەکە بیرۆکەی شاعیر زانا خەلیل بووە و دوایی ژمارەیەک لە نووسەران و شاعیران پشتیوانییان لە بیرۆکەی پرۆژەکە کردووە. پرۆژەکەش مانگانە لەلایەن ئەندامی ماڵەکەوە هاوکاری دارایی دەکرێت و ئێمەش لەسەر ئەرکی دارایی هاوبەشی ئەندامان کتێب بۆ نووسەران چاپ دەکەین.

ئەندامەکەی ماڵی کتێب ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد کە یەکەم کاری ماڵی کتێب چاپکردنی کتێبێکی هاوبەشی نووسەرانە لە بواری شیعردا بەناوی (ئەلف). بەوە دەیانەوێ پرۆژەکە بناسێنین کە دەقی هاوبەشی ئەندامانی ماڵەکەی تێدا بڵاوکراوەتەوە.

ماڵی کتێب لە ژمارەیەک نووسەر و ڕۆشنبیر پێکهاتووە کە ئەندامی ماڵەکەن و مانگانە کۆمەکی دارایی دەکەن و دەستەی دامەزرێنەرانیش پێکهاتوون لە: (بێکەس حەمەد قادر، ئازا حەسیب قەرەداخی، زانا خەلیل، محەممەد قادر، شۆڕش غەفووری، نیازی حەمەعەزیز، حەمە ئەحمەد جاف، ئەسکەندەر زرار و بژار حەکیم).

## بە ڕۆمانی "پۆستەی شەو" خەڵاتەکەی بردەوە

# هودا بەرەکات بووە براوەی خەڵاتی بووکەری عەرەبی



■ ئا: بژار حەکیم

لیژنەی دادوەرانی خەڵاتی نێودەوڵەتیی بووکەر بۆ ڕۆمانە عەرەبییەکان، ڕۆمانی "پۆستەی شەو" ی هودا بەرەکاتی وەک باشترین ڕۆمانی شایانی ئەو خەڵاتە بۆ خولی دوازدەمینی خەڵاتەکە هەڵبژارد.

لەمیانی ڕێوڕەسمەکەدا کە ئێوارەی سێشەممەی ڕابردوو لە شاری ئەبوزەبی بەڕێوەچوو، شەرەفەددین ماجدۆلین، سەرۆکی لیژنەی دادوەران ، ناوی ڕۆمانە براوەکەی ئەمساڵی ئاشکرا کرد، بەمەش هودا بەرەکات لەپاڵ خەڵاتەکەدا بڕی پەنجا هەزار دۆلاریشی پێبەخشرا و ڕۆمانەکەشی ساڵی داهاتوو بۆ زمانی ئینگلیزی وەردەگێڕدرێت.

ڕۆمانەکە لەسەر ئەو بنەمایە هەڵبژێردرا کە باشترین بەرهەمی ئەدەبییە لەماوەی نێوان تەممووزی 2017 و حوزەیرانی 2018 دا نووسرابێ.. ئەم ڕۆمانەی هودا لەنێو شۆرت لیستی شەش ڕۆمانی عەرەبیدا هەڵبژێردرا کە لە ئوردن، سووریا، عێراق، لوبنان، میسر و مەغریبەوە نێردرابوون.

هودا بەرەکات ساڵی 1952 لە بەیرووت لەدایکبووە، مامۆستا و ڕۆژنامەڤان بووە و لە پاریس نیشتەجێیە. تا ئێستا شەش ڕۆمان و دوو دەقی شانۆیی و زنجیرەیەک چیرۆک و کتێبێکی تایبەت بە یاداشتنامەی نووسیوە.

# موراکامی:
# نا، من چیرۆکبێژ نیم، چیرۆکبینم

◄ ئۆلیڤەر بێرکمان
وەرگێڕانی: ئەنوەر عەباسی



ڕۆژی بەر لە ڕۆژی چاوپێکەوتنەکەمان، هاروکی موراکامی بۆ ڕاکردنی ڕۆژانەی (وەرزشی ڕۆژانە- و) چووبوو بۆ ”سێنتراڵ پارک” و لەوێ ژنێک پێشی پێگرتبوو، لێی پرسیبوو: ”ببوورن ئێوە نووسەرێکی بەناوبانگی ژاپۆنی نین؟”. ئەم پرسیارەی وەک بڵێی بەشێوەیەکی سەیر و سەمەرە کردبوو، بەڵام موراکامی هەر بە شێوازە باو و فەرمییەکەی خۆی وەڵامی دابووەوە: ”پێموت: نا، بەڕاستی. من تەنیا نووسەرێکم. وێڕای هەموو شتێک بە دیتنتان خۆشحاڵ بووم. پاشان دەست و مشتاقمان کرد. کاتێک خەڵک ئاوا دێنە سەر ڕێگام، زۆرم بەلاوە سەیرە، چونکە من تەنیا مرۆڤێکی ئاساییم، بەڕاستی تێناگەم بۆچی خەڵک حەز دەکەن من ببینن”.

هەڵەمان کردووە ئەگەر بمانەوێ ئەم هەڵسوکەوتەی موراکامی بە خاکەڕابوونێکی نابەجێ بێنینە ئەژمار، بەڵام دیسان هەڵەمان کردوە ئەگەر پێمانوابێ بەناوبانگبوون بەڕاستی ئەو ئازار دەدا. کەواتە دەتوانین بڵێین: موراکامیی 69 ساڵە، نە بە ناوبانگە جیهانییەکەی شاگەشکەیە و نە لێشی بێزارە. لەڕاستیدا وەکوو تەماشاوانێکی کونجکۆڵ و کەمێک سەرلێشێواو سەیری بابەتەکە دەکات – تەماشاوانی ئەو چیرۆکە سووریالیانەی کە لە ناهۆشیاریی مێشکی خۆیەوە هاتوون، سەیرکەری ئەم ڕاستییەی کە ملیۆنان خوێنەری ئەم چیرۆکانە، چ بە ژاپۆنی و چ بە وەرگێڕدراوی، بە تامەزرۆییەوە دەیخوێننەوە. بە دڵنیاییەوە ئەوە ڕێکەوت نییە کە کەسایەتی سەرەکی چیرۆکەکانی موراکامی زۆربەی جاران تەماشاوانێکی هێدییە: پیاوێکی سی و چەند ساڵەی هێدی، نوقمبوو لە خۆدا و زۆربەی جاران بێ ناو، کاتێک پێوەندییەکی تەلەفۆنیی سەیر و لێڵ، یان گەڕان بۆ دۆزینەوەی پشیلەیەکی بزربوو، ئەو بەرەو جیهانێکی هاوتەریبی وەک خەون دەبا کە لەوێدا سەگە تەقینەوەییەکان، مرۆڤگەلێک بە جلی وەک خوری بەرخ، کچانی ئەفسوناوی و مرۆڤگەلێکی بێ دەموچاو دەژین، بە جێگای ئەوەی هەست بە مەترسی بکات، بە ورە و کونجکۆڵ دەردەکەوێ.

موراکامی بیرۆکەیەکی هەیە لەبارەی ئەوەوە کە؛ بۆچی ئەم شێوازی نووسینە سیحرکارانە بە تایبەت لە سەردەمی ئاڵۆزی و پشێویی سیاسیدا زیاتر سەرنجی بەردەنگ ڕادەکێشێ. لە ژووری کۆبوونەوەی ئۆفیسی نوێنەرایەتییە ئەدەبییەکەی خۆی لە ئەمریکا، قومێک ئاو دەخواتەوە و دەڵێ:“ لە ساڵەکانی دەیەی 1990 دا لە ڕووسیا خوێنەرێکی زۆرم هەبوو. ئەمە ڕاست ئەو کاتە بوو کە خەڵک خەریکبوون سەردەمی یەکێتی کۆمارەکانی سۆڤیەتیان تێدەپەڕاند – پشێوییەکی مەزن هەبوو، لە وەها دۆخێکدا کتێبەکانی من زۆرتر دەخوێنرێنەوە. لە ئەڵمانیا، دیواری بەرلین ڕووخێنرا و پشێوی ساز بوو، لەو کاتەیشدا خەڵک بە پیر کتێبەکانی منەوە دەهاتن و دەیانخوێندەوە”.

ئەگەر ئەم بیرۆکەیە ڕاست بێت، ئەمریکای سەردەمی ترامپ و بەریتانیای برێگزیت- یش دەبێ بازاڕگەلێکی قەرەباڵغ بن بۆ تازەترین بەرهەمی ئەو، واتە (کوشتنی فەرمانده- یان کوشتنی سوارچاک). پێکێکی 674 لاپەڕەیی لە شەرابە سەیر و سەمەرەکەی موراکامی کە فیلیپ گابریەل و تێد گۆسێن وەریانگێڕاوەتە سەر زمانی ئینگلیزی.

هەوڵ بۆ باسکردنی کورتەیەک لە تێماکانی چیرۆکەکەی موراکامی کارێکی بێکەڵکە، بەڵام ڕەنگە بتوانین ئەوەندە بڵێین کە گێڕەرەوە شێوەکارێکی دڵشکاوە، هاوسەرەکەی بە تازەیی بەجێیهێشتووە و هەوڵ و تەقەلای ئەو بۆ دەربازبوون لەم دۆخە، بە هانابردنە بەر کوێستانەکانی ڕۆژهەڵاتی ژاپۆن دەبێ بە چیرۆکێکی درێژ لەگەڵ پیاوێکی تەماوی کە کارخولقێنی بواری تەکنەلۆژیایە، زەنگێک کە شەوان لە خۆیەوە دەنگی لێوەدێ، پەرستگەیەکی ژێرزەوی (چاڵاو و داڵان و هۆڵ و ژوورە ژێرزەوینییەکان و هەڵبەت پشیلە ونبووەکان، مۆرکی تایبەتی چیرۆکەکانی موراکامین)، و سەربازێکی سامورایی شەست سانتیمی فرەوێژ کە لە تابلۆیەکی نیگارکێشان کە گێڕەرەوە لە ژوورێکی بن شیروانی دۆزیوەتەوە، دەرپەڕیوەتە دەرەوە. (لە ڕوانگەی نووسەرەوە کە هەر لە تەمەنی هەرزەکارییەوە شەیدای چیرۆکەکانی سکۆت فیتزجیراڵد بووە، ئەم تایبەتمەندیانە لە تەنیشت یەک ”پەیمان نوێکردنەوەیەک لەگەڵ گاتسبیی مەزن” پێکدێنن (نووسەر نووسیویەتی دانەوەی قەرز بە گاتسبیی مەزن. و) و ئەمە بانگەشەیەکە کە لەگەڵ خوێندنەوەی هەر لاپەڕەیەک لە ڕۆمانەکەی موراکامی و چوونە پێشەوە تێیدا، ئەگەری ڕاستبوونەکەی کاڵتر دەبێتەوە.

سەیر نییە ئەگەر کتێبەکانی موراکامی لە سەردەمی ناجێگیریی دۆخی سیاسیدا پڕخوێنەر بن: کتێبەکانی ئەو کاریگەرییەکی ڕاکێشەر و هێندەکجار سەرکەر و هۆشبەریان لەسەر خوێنەر هەیە و سەیربوونی شێوازی کردنەوە و بڵاوکردنەوەی تێماکانی گێڕانەوە لەگەڵ جۆرێک لە خاوبوونەوەی هەستەکی، هاوسەنگییەک ساز دەکا کە دەتوانێ پەناگەیەکی ئەرخەیانکەر بێت بۆ هەڵاتن لە دنیای ڕاستەقینە و ڕووداوە لەڕادەبەدەر ڕادیکاڵەکانی. کاتی خۆی موراکامی لە وەڵامی پرسیارێکدا گوتبووی کە زۆری حەز لە بەیسبۆڵە ”چونکە ماندووکەرە” و کتێبی بیرەوەرییەکانی خۆی بە ناوی ”کاتێک دەڵێم دوو، باسی چی دەکەم” (2007) چێژی هەڵاتن (ئەگەر چێژ وشەیەکی گونجاو بێت لێرەدا) لەوەدا دەبینێت کە دەرفەتێکی پێدەدا بۆ دوورکەوتنەوە لە ”لەڕادەبەدەربوونی” هەستەکان و هەر بەم هۆیە هێندە حەزی لە ڕاکردنە (وەکوو وەرزش. و).

وێڕای ئەمانەش، نابێ چاوەڕوانیتان لە موراکامی هەبێ کە بە ئێوە بڵێ بەشە خەیاڵییەکانی بەرهەمەکانی چ واتایەکیان هەیە و بۆ چ ئامانجێک دەگەڕێن. موراکامی متمانەیەکی تەواوی بە ناهۆشیاریی مێشکی خۆی هەیە: پێیوایە کە ئەگەر خەیاڵێک لەو چاڵە ڕەشەی ناخییەوە دێتە دەرەوە، بە دڵنیاییەوە واتایەکی هەیە و کاری ئەو ئەوەیە هەرشتێک لەو چاڵە دێتە دەرەوە لەسەر کاغەز بینووسێ، نەک ئەوەی کە شیکاری دەروونناسانەی بۆ بکات (بزەیەک دەکا و دەڵێ: ”ئەمە کاری مرۆڤە زیرەکەکانە و نووسەرەکان پێویست ناکا زۆر زیرەک بن”). بۆ نموونە لە ڕۆمانی ”کافکا لە کەنار” (2002) دیمەنێک هەیە کە لەوێدا ماسی وەکوو تەرزە لە ئاسمانەوە دەبارێ.

موراکامی دەڵێ: ”خەڵک لە من دەپرسن: بۆچی ماسی؟ و بۆچی دەبێ ماسی لە ئاسمانەوە ببارێ؟ من هیچ وەڵامێکم بۆ ئەوان پێ نییە. تەنیا ئەوەم بە مێشکدا هات کە دەبێ شتێک لە ئاسمانەوە ببارێ. پاشان بیرم لەوە کردەوە کە دەبێ چی لە ئاسمانەوە ببارێ؟ بە خۆمم گوت: ماسی! ماسی بژارەیەکی گونجاوە! دەی خۆ دەزانن، ئەگەر ئەم شتە بە مێشکی مندا هاتووە بێگومان پاساو و هۆکارێکی هەبووە – شتێک کە لە قووڵایی ناهۆشیاریی مێشکی مندا بووە و خوێنەر پێوەندی لەگەڵ دەگرێ. دە، ئێستا من و خوێنەر، ژوانگەیەکی نهێنیمان لە ژێر زەویدا هەیە، شوێنێکی شاراوە لە قووڵایی ناهۆشیاریدا. لەوێ، لەو شوێنەدا، هیچ دوور نییە زۆر ئاسایی بێت کە ماسی لە ئاسمانەوە ببارێ. شتێک کە گرینگە هەر ئەو ژوانگە و شوێنی یەکتر دیتنەی ئێمەیە، نەک شیکاریی دەروونناسانەی هێماکان یان کارگەلێکی هاوشێوەی ئەمە. ئەم کارانە بە جێدێڵم بۆ ڕۆشنبیرەکان”.

موراکامی خۆی وەکوو ڕێڕەوێکی گواستنەوە دەبینێ – وایەرێک لە نێوان ناهۆشیاریی مێشکی خۆی و ناهۆشیاریی مێشکی خوێنەرەکانیدا – و ئەم هەستەی ئەو ئەوەندە بەهێزە کە کاتێک لە ئاماژەیەکی زووتێپەڕدا بە خۆی دەڵێ: ”چیرۆکبێژی غەریزی”، خێرا هەڵوەستەیەک دەکا کە قسەکەی چاک بکات و پاشان دەڵێ: ” نا، من چیرۆکبێژ نیم، چیرۆکبینم”، پێوەندی ئەو لەگەڵ ئەم چیرۆکانە، پێوەندی نێوان خەونبین و خەونە و ڕەنگە هەر ئەمە هۆکاری ئەم بانگەشەیەی ئەو بێت کە دەڵێ قەت بە شەوان خەون نابینم: ” دەی ڕەنگە مانگی جارێک خەونێک ببینم، بەڵام بە گشتی نابینم. پێموابێ هۆکارەکەی ئەوەیە کە لە هۆشیاریدا دەچمە نێو خولیاوە، بۆیە ناچار نیم کاتێک کە دەخەوم خەون ببینم”.

# مەلا محەممەدی چروستانی
# مێژووی نووسینەوەی بیرەوەری لە ئەدەبیاتی کوردیدا

◄ سەنگەر زراری



هاوکات لەگەڵ بڵاوبوونەوەی بەرگی یەکەمی کتێبی (یادداشت)ی ڕەفیق حیلمی لە ساڵی (1956ز)، کە یەکەم بیرەوەریی کوردییە وەکو کتێب بڵاوبووبێتەوە، یەکێک لە کەسایەتییە کوردەکان، لەسەر پێخەفی نەخۆشخانەی عەبدولئیلا لە شاری بەغدا کە بە نەخۆشخانەی تویسە ناسراوە، خەریکی نووسینەوەی یادەوەرییەکانی دەبێت، بەڵام نەخۆشی و پاشتریش مەرگ ڕێگای تەواوکردن و بڵاوکردنەوەی ئەم بیرەوەریانەی نادەن، دواتر و زۆر بە درەنگەوە ئەو بەشە بیرەوەرییەی بڵاودەکرێتەوە کە ئەوکات نووسیونی.

ئەو کەسایەتییەش زانا و شاعیری کورد ”مەلا محەممەدی چروستانی“یە.


لە پێشەکی دیوانی چروستانیدا، یەحیای کوڕی مەلا محەممەدی چروستانی دەنووسێت: ”پێش کۆچکردنی لە ژیان بە چەند ساڵێک، زۆر جار پێمدەگوت کە پێویستە ڕووپەڕەی ژیانی خۆت بنووسی کە ببێت بە پێشنووسی شیعرەکانت، بەڵام داخەکەم کۆچی دوایی کرد و ئەو ڕووپەڕەیەی نەنووسی، جگە لە چەند پەڕەیەک کە تەنها باسی منداڵیی خۆی تێدا کردووە...ل 114“.

پێدەچێ مەلا محەممەدی چروستانی زوو نووسینەوەی بیرەوەرییەکانی نەکردبێتە خەم، بۆیە ئەو چەند پەڕەیەش کە نووسیونی، لەسەر جێگا لە نەخۆشخانە نووسیونی و یادەوەرییەکانی تەواو نەکردووە، یان ڕاستتر نەخۆشی و مەرگ ڕێگایان نەداوە تەواوی بکات، دیارە لە مانەوەی لە نەخۆشخانە زۆر بێزار و نارەحەت بووە، هەربۆیەش وەک لە بیرەوەرییەکانی دەریدەخا، خۆزگە بە نانەڕەقەی فەقێیەتی دەخوازێ و لە خواردنە زۆر و خۆشەکانی نەخۆشخانە بێزارە: ”داوای نانمان کرد، هیلاک بووین لە برسا، ژنەکە نیوە سەبەتەیەک نانەڕەقەی بۆ هێناین، هی جۆ، ڕەق بووبووەوە، بەعزێکی کەڕووی پێوەبوو، وتم: فەقێ مەحموود بە سەبەتەکەوە بیبە بیخەرە بەر جۆگەکە. فەقێ مەحموود نانەکەی جوان شتەوە، خووسایەوە، بە دۆکەوە خواردمان. ئەمما چ خواردنێک! وەختە بڵێم ئێستاش لەزەت و خۆشیی ئەو نان و دۆیە لە بن ددانما ماوە، یاخوا هەزار مرەبا و ڕۆنەکەرە و گۆشت مریشک و پڵاوی موستەشفای عەبدولئیلاهی بەقوربان بێت کە ئێستە لە تویسە بەدەستیانەوە موبتەلام و بە قێزوبێز دەستیان بۆ ئەبەم و بۆم ناخورێن، ئەمە سێ چوار ڕۆژە بە تۆزە تۆزە نانەڕەقەی تیریی سولەیمانییە ڕائەبوێرم کە فەریدەی کچم لە سولەیمانییەوە بۆی ناردووم، کردوومە بە کوولەکەی ڕۆحم و شاردوومەتەوە، هەر ژەمێ تۆزێکی لێ ئەخۆم، نەوەک مەجبوور ببم بە سەموون و چێشتەکەی موستەشفا...ل-75 76“.

چروستانی لە نەخۆشخانەدا هەر خەریکی نووسینەوەی ئەم بیرەوەریانە نەبووە، بەڵکو یەکێک لەو کارە گرنگانەی خەریکی بووە دیوانی نالی بووە، کە لەوەیاندا دەستێکی باڵای هەبووە و لەمەدا کەم کەس وەکو ئەو نالیی ناسیوە و لێی دواوە، هەژاری موکریانی کە هاوکات لەگەڵ مەلای چروستانیدا و لە هەمان نەخۆشخانە خەوێنراوە، لە چێشتی مجێوەردا دەڵێت: ”گوتیان مەلایەکی کورد لە نهۆمی دوو نەخۆشە..

– مامۆستا منیش کوردم ئەگەر کارێکت پێم هەبێ؟
– برا دامە دەزانی؟
– کەم تا کورتێک
وردەبەرد و تەختەدامەی لە پشت سەری هێنا.
– تۆ کەیفت بە شیعری کوردی دێت؟
– بەڵێ نالیم زۆر خۆشدەوێ.
– ئۆخەی من لە یەکی وەک تۆ دەگەڕام.

نالییەکی بە خەتی لە بن سەنیر دەرێنا، ئەو پیاوە چل ساڵ بوو خەریکی ساغکردنەوەی شیعری نالی بوو، حاشیەی زۆری لێ نووسیبوون، بەڕاستی لەناو نالیزاناندا وێنەیم نەدیوە، هەموو ڕۆژ دەچووینە قوژبنێک و بە نالییەوە خەریک بووین، ناوی مەلا محەممەدی چروستانی و باوکی یەحیاکە بوو، نالییەکی ئەوم بە خەتی خۆم نووسییەوە، بەداخەوە لێم دزرا...(چێشتی مجێور: هەژار: ل197)“.



دیارە مەلا محەممەدی چروستانی، لەڕووی ناسینی نالی و شیعرەکانییەوە بێهاوتا بووە و نەک تەنیا لای هەژاری موکریانی، بەڵکو لە ئەدەبیاتی ئەوکاتی کوردیدا وەکو شارەزایەکی نالی ناسراوە، لەمبارەیەوە دکتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ لە پێشەکی دیوانی چروستانیدا دەڵێت: ”لە مەڵبەندی سلێمانی سەردەمێک کە ناوی (نالی) دەبرا، یەکسەر ناوی مامۆستا (مەلا محەممەدی چروستانی) لەگەڵ ناوی ئەودا دەهاتە سەر زمان، لەناو مەلاکانی سلێمانی و ئەدەبدۆستاندا، مەلا محەممەدی چروستانی بە یەکێک لە هەرە شارەزاکانی شیعری (نالی) دەناسرا...ل122“.

چروستانی، نەک تەنیا نالی، شارەزای زۆر شاعیری دیکەش بووە و شیعری زۆری لەبەربووە، هەروەها وەکو لە بیرەوەرییەکانی دەردەکەوێ، دەنگێکی زۆر بەسۆز و کاریگەری هەبووە بۆ بانگ و سەڵا و قورئانخوێندن، لە زۆر شوێنیش داوایان لێ کردووە شیعریان بۆ بخوێنێتەوە و لەم ڕووەوە ناوی دەرکردووە.

وەک گوتمان مەلای چروستانی زوو هەوڵی نووسینەوەی بیرەوەرییەکانی نەداوە، تا گەیشتووەتە کۆتاییەکانی تەمەنی، بەڵام کە دەستیشی پێکردووە، پێدەچێت هەوڵی دابێ زۆر بە وردی بینووسێتەوە، هەر بۆیە لە ساڵی لەدایکبوونی و سەرەتای ژیانییەوە دەستیپێکردووە، بە کوردییەکی جوان و ڕەوان (بۆ ئەوکات) نووسیویەتی، ڕووداوەکانی ژیانی بە وردی دەگێڕێتەوە، یەکێک لە جیاوازییەکانی یادداشتی ژیانی چروستانی و بیرەوەری کەسانی دیکەی لە نموونەی (زێوەر) و (ڕەفیق حیلمی) و (ئەحمەد خواجە) کە پێشی ئەو یان هاوکاتی ئەو بوون، ئەوەیە، چروستانی خودی خۆی کردووەتە سەنتەری ڕووداوەکان و باسی ڕووداوە سیاسییەکانی سەردەمەکەی ناکات، بەڵکو باسی ڕووداوە کۆمەڵایەتییەکانی ژیانی ئەوکات و شێوازی خوێندن و ژیانی فەقێ و مەلاکان و ژیانی خودی خۆی دەکات، لە کاتێکدا ئەوانی تر ڕووداوە سیاسییەکانی ئەوکاتیان کردووەتە سەنتەر و لە ڕوانگەی خۆیانەوە ئەم ڕووداوانە دەگێڕنەوە، ئەم خودسەنتەرییەی بیرەوەرییەکانی چروستانی، لە بیرەوەرییەکانی یونس ڕەئووفی ناسراو بە دڵدار (1918-1948)یش دەبینرێ، کە بەداخەوە مەرگ مەودای ئەویشی نەدا بیرەوەرییەکانی تەواو بکات، هەروەکو چۆن چروستانیش نەیتوانیوە ئەم بیرەوەریانە تەواو بکات، ئەگەرنا بێگومان تێڕوانینێکی فراوان و ڕوونمان لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی و خوێندن و مەلایەتی ئەوکات دەبوو.

مەلا محەممەدی چروستانی کوڕی مەلا عەبدولڕەحیمی ناسراو بە (چروستانی)یە. ساڵی (1890)ی زایینی لە دێی (ئابڵاخ) کە ئێستا گەڕەکێکە لە شاری سلێمانی، لەدایکبووە. لە تەمەنی شەش ساڵیدا، لەسەر شێوەی ئەو کاتە دەستی بە خوێندن کردووە، هەر لە سەرەتای ژیانیدا وێڵ بووە بەدوای خوێندن و زانستی ئەو سەردەمەدا، بۆ فەقێیەتی و تەواوکردنی خوێندن زۆربەی شار و شارۆچکەکانی کوردستانی کردووە تا بووە بە مەلا. شاعیرێکی بەتوانا بووە و لە شیعرەکانیدا خۆشەویستی و عەشق، نیشتیمانپەروەری و ستایشی ئایینی بەدی دەکرێت. لە ساڵی (1963) بەهۆی نەخۆشییەوە لە شاری سلێمانی کۆچی دوایی کردووە.

* یاداشتەکانی مەلا محەممەدی چروستانی بۆ جاری یەکەم لە ساڵی (1985) لەلایەن مامۆستا محەممەدی مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس چاپ کراوە، جاری دووەمیش لەگەڵ شیعرەکانی بەیەکەوە لە ساڵی (2012) بەم ناونیشانە چاپ کراوە: دیوان و یادداشتەکانی چروستانی – ئامادەکردنی: نوخشە ئەحمەد چروستانی، بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی (2012).

◄ میشێل پیکماڵ
وەرگێڕانی لە فارسییەوە: کیشوەر پیرۆتی

■ گێڕانەوەی فەلسەفی لە ئوستوورەکانی یۆنانی کەونارا

# هێراکلس و دێوی نۆ سەر



بێگومان بەسەرهاتی هێراکلس سەرسووڕێنەرترین ئوستوورەی یۆنانە. هێراکلس، کوڕی زیوس بووە و لە داوێنی ژنێکی بمر و جوان و پاک، بە ناوی ئاڵکمێنا لەدایک بووە. هێرا ، هاوسەری قانوونیی زیوس، هەمیشە ڕقێکی کۆنی بەرامبەر بە ئاڵکمێنا هەبووە.

کە هێراکلس لە لانکەدا بوو، هێرا دوو ماری گەورەی نارد بۆ ئەوەی پێوەی بدەن و بیکوژن، بەڵام هێراکلس زۆر بەئاسانی بە دەستە چکۆڵە منداڵانەکەی خۆی خنکاندنی. کە هێراکلس گەورە بوو، بوو بە پیاوێکی بەهێز. پیاوێک بوو لە هەمووان بەهێزتر، شانازییەکانی هەر هات و زۆرتر بوون و خێزانی پێکهێنا. بەڵام دوعا و نزای هێرای هەر بەدواوە بوو. ڕق و کینەی هێرا هەروەک خۆی مابوو، بڵێسەی ئاگری تۆڵەسەندنەوەی جاربەجار گڕی زیاتر دەبوو، هێرا، هێراکلسی شێت کرد و ناچاری کرد هەموو خێزانەکەی خۆی بکوژێت.

کاتێک هێراکلس هاتەوە سەرهۆش و ئەنجامی کارەکانی خۆی دیت، مەرگی خۆی بەئاوات دەخواست. بەڵام چوو بۆ پەرستگەی دێلفای. لەوێ پێشبینیکەری پەرستگەکە فەرمانی دا سەرەتا سزای ئەو تاوانانە بداتەوە کە کردوونی. دەبوو ببێت بە کۆیلەی ئیوریستیوس ، کوڕی مامی، کە پادشای مایسنییەکان بوو.

ئیوریستیوس بە ئیلهاموەرگرتن لە هێرا دوازدە خانی بەسەر هێراکلسدا سەپاند. دوازدە خان کە هەریەکەیان لەوی دی مەترسیدارتر و کوشەندەتر و ئەستەمتر بوو.

هێراکلس ناچار بوو لەگەڵ شێرە ترسێنەرەکەی نێمێیایی بەشەڕ بێت کە تۆوی ترس و خۆفی لە هەموو لایەک بڵاوکردبووەوە. دەیانگوت پێستێکی هێندە ئەستووری هەیە، نووکی ڕمیش نایبڕێت. بەڵام ئەو پێستە ئەستوورە نەیتوانی پێش لە سەرکەوتنی هێراکلس بگرێت. هێراکلس بە دەستە بەهێزەکانی خۆی شێرەکەی خنکاند و بە پەنجە پۆڵایینەکەی کەوڵی کرد. پاشان پێستی شێرەکەی پۆشی و بەو قەڵافەتە سامدارەوە گەڕاوە بۆ لای ئیوریستیوس.

ئیوریستیوس، هێراکلسی نارد بە شوێن دێوی نۆسەردا کە لە قووڵاییی زەلکاودا دەژیا. ڕواڵەتە مارئاسا و قێزەونەکەی تۆقێنەر بوو، هەناسەیشی بۆگەنی لێوە دەهات. بەڵام هێراکلس وەک پاڵەوان وابوو. هیچ دڵاودڵی نەکرد و بە شمشێرەکەی دەستی کرد بە لێکردنەوەی سەرەکانی دێوەکە، دەتگوت لقوپۆپی درەخت هەڵدەپاچێ.

بەڵام هەر سەرێکی لێ دەکردەوە، دوو سەری دیکە لەجێی شین دەبوونەوە. جار لەگەڵ جار هەوڵ و تەقەلا بۆ لەپێخستنی دێوەکە هێراکلسی بەهێزتر دەکرد. لەبەر ئەوە، هێراکلس لەوە زیاتر خۆی ماندوو نەکرد و لەکۆڵ سەری دێوەکە بووەوە. کەمێک فکری کردەوە و پاشان ڕێچارەیەکی دۆزییەوە. چوو بە شوێن ئیۆلیوسی برازایدا و داوای لێ کرد هەر جارێک کە سەری دێوەکەی لێکردەوە، بە مەشخەڵەکەی ملی دێوەکە بسووتێنێ. ئەگەر برینەکانیان سووتاندبا، سەری تازە لەجێی برینەکە نەدەڕوا.

هەموو سەرەکانی لێکردەوە و هەر سەری نێوەڕاستی مابووەوە. ئەو سەرەی بە پتەوی و قایمی بەناوبانگ بوو.

هێراکلس دیسان کەوتەوە فکر. دێوەکە وەک دوژمن ڕاست بووەوە. وەهانکەهانک کەوتبوو، هێندە تووڕە بوو لیکاوی ڕانەدەوەستا. هێراکلس چەند چرکەیەک چووە فکرەوە و لەسەر بەردێک دانیشت. پاشان لەپڕدا لەگەڵ دوایین زەربەی شمشێرەکەی سەری دێوەکەی لێکردەوە و لەژێر گاشەبەردێکی گەورەدا لە کونێکی ئاخنی.

دێوەکە لە خوێنی خۆیدا گەوزی. هێراکلس هەموو نێزەکانی کۆکردەوە و بە خوێنی دێوەکە شووشتنی. چونکە دەیانگوت خوێنی دێوی نۆسەر ژەهرێکی کوشندەی تێدایە. ئەو دەیزانی لە شەڕی دواییدا کە ئیوریستیوس کاتەکەی دیاری دەکات، پێویستی بەو ڕمە ژەهراوییانە دەبێت. بەڵام نەیدەزانی ئەو ژەهرە نەفرەتلێکراوە دەبێتە هۆی لەنێوچوونی خۆیشی.

## شرۆڤەی فەلسەفی

لەسەر بنەمای هێما و نیشانەکان، دێوی ئەم ئوستوورەیە دەسەڵاتێکی تۆقێنەر پێشان دەدات کە ''خراپەکاری'' خاوەنیەتی و کاتێک بەرەنگاری دەبینەوە پەرەدەستێنێ و گەورە دەبێتەوە. یانی خراپەکاری بە شێوەیەک زیاد دەکات. لەبەر ئەوەشە کاتێک سەری ئەو بوونەوەرە لێدەکەنەوە، زیاد دەکات. ئەگەر قەرار وابێت ئەو دێوە ببەزێنن، دەبێ چەکی دیکە بەکاربێنن، چونکە چەکی تووڕەیی بەتەنیا کاریگەر نابێت. تووڕەیی دەبێتە هۆی تووڕەیی و تۆڵەسەندنەوەش، تۆڵەسەندنەوەی بەدوادا دێت. کاتێک خراپەکاری دەستپێدەکات، بەردەوام پەرەدەستێنێ. بۆ ئەوەی کە خراپەکاری لە کۆڵ مرۆڤ بێتەوە، بێگومان پێویستمان بە هێزە، بەڵام زانین (هۆشیاری، ئاگامەندی)، هۆش و بەتایبەت ژیریش زۆر گرینگە.

لێرەدا هێراکلس بۆ شەڕ لەگەڵ خراپەکاریدا تێدەگات کە چۆن چەکیان بکات. ئەو، بە ژەهراویکردنی شمشێرەکەی دەتوانێ بەسەر بوونەوەرە خراپەکارەکانی تریشدا زاڵ بێت.

جۆرێکی دیکە لەم ئەفسانەیە لە دیمەنێکی بەناوبانگی فیلمێکی لیوک بیسۆندا بە ناوی توخمی پێنجەم دەبینین. لەو فیلمەدا تۆپەڵە ئاگرێک کە هێمای شەڕی خراپەکاریی ڕەهایە لە بەرانبەر ئەو مووشەکانەی دەیاننێرن بۆ لەنێوبردنی، هەر دێت و گەورەتر دەبێت. ئوستوورە هێشتا لە ئێخەی سینەماکاران نەبووەتەوە.

# پەیکەری باوکی سیاسی و باوکی ڕۆشنبیر

◄ نیهاد جامی- پۆڵەندا



ڕاپەڕین سەرەتای خەونێک بوو کە بیرکردنەوە تیایدا ئازاد بێت، ئەوە سەرەتای دەرکەوتنی مۆدیلێکی نوێی ڕۆشنبیر بوو کە وەک دەسەڵاتێک بۆ مەعریفە دەرکەوت، ئەو مۆدیلە نوێیەی ڕۆشنبیر لەو ڕۆژگارەدا زادەی دۆخی ڕاپەڕین بوو، خەونی نەوەی نوێی وابەستەی خۆی دەکرد بەوەی دەیەوێت بیرکردنەوە ئازاد بێت و نەبێتە پردێک بۆ لەدایکبوونی فاشیزم، بۆیە ئەو تێگەیشتنە بەهۆی ئەوەی لەو ڕۆژگارەدا سەخت بوو بخرێتە بەردەم دەسەڵاتێک کە لە سەرەتای هاتنە ناو ئەزموونی شاردا بوو، هێشتا لە قۆناغی شۆڕشگێڕیدا بوو، بەڵام ئەوەی وای دەکرد شۆڕش مانایەکی نوێ بەژیان ببەخشێت، ئەو هەناسە نوێیە بوو کە لەپاڵ گوتاری ناسیۆنالیستیدا، ڕۆشنبیر دەیویست بانگەشە بۆ گوتارێکی تازەگەری بکات، ئەو دوو گوتارە دەیانتوانی بەشداری یەکتری بکەن لەپێناو ململانێی نێوان دەسەڵات و مەعریفە کە کۆمەڵگای کوردی ڕووبەڕووی کرانەوە دەکردەوە.

دەسەڵات نەیدەویست مەعریفە سنووری ئەو تێپەڕێنێ، مەعریفەش لەڕێی ڕۆشنبیرەوە قسەی لەسەر مەترسیی دیکتاتۆری دەکرد، ئەو ترسە هۆشداری دەدایە نەوەی نوێ، بەڵام نەوەیەک لە سنووری گرووپی دەستەبژێری نووسەران و گەنجان تێنەدەپەڕی، چونکە پێویستی بە ڕوونیی سیماکانی بوو، بۆیە نەیدەتوانی لەڕێگەی گوتاری فیکرییەوە خۆی ئاراستەی ئەو مانیفێستی تازەگەریە بکات، ئەگەرچی تا ئەو ساتەوەختەش دەستبەرداری گوتاری خۆی نەبووە، بەڵام دەشزانێت کاریگەریەکە لە ئاستی دەستەبژێردایە، بۆیە بەدوای میکانیزمێکی تردا دەگەڕا تا ئەو کاریگەریە بخولقێنێ، بۆ ئەو ڕێگەیەش ئاراستەکان زیاتر بەرەو تێکستی ئەدەبی و بەتایبەت شیعر و ڕۆمان هاتن، ئەوە دەرگایەکی تری کردەوە بەڕووی ئەو نەوە نوێیە تاوەکو لەڕێگەی تێکستەوە دیالۆگ بخولقێنێ.

بۆ ئەوەی قسە لە ستراتیژی گوتاری تێکستی ئەدەبی بکەین، لێرەدا پێویستمان بەوە دەبێت لەسەر چەند هەوڵێک هەڵوەستە بکەین، تاوەکو سیمای ڕوانینەکانمان ڕوونتر بخەینەڕوو، ئەوەش بەو مەبەستەیە تاوەکو بچینەوە سەر ڕۆڵی ڕۆشنبیر لەبەردەم دەسەڵاتدا، ئاخۆ ئەو ململانێیەی مەعریفە لەگەڵ دەسەڵات بەکوێ گەیشت و سیماکانی دەرکەوتنی چی بوون؟

بەر لە ڕۆژگاری ڕاپەڕین، چیرۆکنووس شێرزاد حەسەن لەڕێگەی هەردوو کۆمەڵە چیرۆکی "تەنیایی" و "گوڵی ڕەش" وێنەی ڕەخنەیی ڕۆشنبیری خستەڕوو، لەدنیایەکدا کە شتەکان دەکەونە نێو ئاستی ڕەخنە و ڕازینەبوون، دوای ڕاپەڕین لەڕێگەی نۆڤلێتی "حەسار و سەگەکانی باوکم" وێنەیەکی بوێرانەی بەدوای ڕەخنەکانی حەمەی گوڵی ڕەش و کوڕەکەی چیرۆکی عیزرائیل و ئەمینی میم خستەڕوو، کوڕی گەورەی حەسار خەون بە کوشتنی باوکەوە دەبینێ، بەڵام تێدەگات کوشتنی باوک تراژیدیایەکی ئەخلاقی ڕووبەڕووی نەوەی نوێ دەکاتەوە، تا ئەو ساتەوەختە ئێمە نموونەیەکمان نییە لە گوتاری ڕۆشنبیر لەو تێکستە ڕوونتر سیماکانی خۆی خستبێتەڕوو.

ئەو لەو تراژیدیا ئەخلاقیە تێدەگات، بۆیە لە چیرۆکی "کەڵەکوڕان و ئاسکەکچان"دا ئەو خەونە دەچێتە ئاستی ڕەمزییەوە کە بیرۆکەی کوشتن کوشتنی فیکری باوکە نەک جەستەی باوک، ئەو بیرۆکەیە دواتر لەلای چەندین چیرۆکنووس وەک کورتە چیرۆک دەرکەوت کە هەندێکیان کۆپییەکی خراپی شێرزاد بوون، لەوانە وەک لە دەرفەتی تریشدا ئاماژەم بۆ کردووە، چیرۆکی (باوکم)ی فاروق هۆمەر کە شتێک نییە جگە لە گواستنەوەی دیدی شێرزاد بۆ چیرۆک، بەڵام لەلای چیرۆکنووسێکی وەک عەتا محەممەد ڕووبەرێکی سەربەخۆ وەردەگرێت، کە ناچێتەوە سەر مانا شێرزادیەکەی، بەتایبەت لە کۆمەڵە چیرۆکی "پاشماوەی خێڵەکان"، هەروەها چیرۆکی "یاسای قەفەزە بچکۆڵەکان" ی دانا فایەق وێنەیەکی تری باوک بەرجەستە دەکات کە پەیوەستە بە باوک لە خێزانی کوردیدا.

بەرزان فەرەج بە شانۆگەریی "خەونە ترسناکەکانی یوسف" وێنەیەکی تر بە ململانێی نەوەکان دەبەخشێ، ئەگەرچی ئەم شانۆنامەیە لە ئاستی ململانێی کارەکتەرەکاندا کاتێک بەدەوری ژنێکدا دەسووڕێتەوە، لە شانۆگەری "گەڕانەوە بەرەو ماڵ" ی هارۆلد پنتەر نزیکمان دەکاتەوە.

بەختیار عەلی دیارترین دەنگی نەوەی ڕاپەڕین، لەسەر ئاستی وتار و شیعر و ڕۆمان دەیەوێت وێنەیەکی تری دنیای نوێی ئێمە بنووسێتەوە، وتارەکانی دەرگایەکی تر دەکەنەوە بەرەو تێگەیشتنمان بۆ دیاردە گرنگەکانی دوای ڕاپەڕین، بەتایبەت لەبارەی فاشیزم و کۆچ و تازەگەری و دەسەڵات.

بەختیار هەرزوو درک بەو ڕاستیە دەکات کە تێکستی ئەدەبی کاریگەری لەسەر کۆمەڵگا دەبێت. سەرەتای ڕاپەڕین پێنج تێکستی شیعری بەناوی "گوناه و کەرنەڤاڵ" بڵاودەکاتەوە، ئەو کۆمەڵە تێکستە شیعریە وەک دنیابینییەکی نوێی ئەو دنیایە لێمان ڕوانی، ڕۆمانی "مەرگی تاقانەی دووەم" سەرەتای دەرکەوتنی توانای ئەو بوو وەک ڕۆماننووسێک، دواتر بە ڕۆمانی "ئێوارەی پەروانە" ئەو وێنەی ترس و فانتازیایە بەڕووی نەوەیەکدا دەردەکەوێت کە ڕۆمان دەبێتە ڕووبەرێکی سۆسیۆلۆژی بۆ خوێندنەوەی داهاتووی کۆمەڵگای ئێمە، ئەوە مەترسیەکە لە گەشەسەندنی هێزە دینییەکان و نەکرانەوەی کۆمەڵگا بەسەر خۆیدا، ڕۆمانی "دواهەمین هەناری دنیا" نەک هەر وێنەیەکی تر دەبەخشێتە کۆمەڵگا، بەڵکو ئێمە لەناو دنیای تێکستەکەدا دنیای کوردی دەبینینەوە، بەختیار لەڕێگەی نووسینی ڕۆمانەوە ئامادەبوونی پەیوەندی ڕۆشنبیر بە کۆمەڵگاوە دەخولقێنێتەوە، پەیوەندیەک کە خاڵی نییە لە هەڵوەستەکردن و ڕوانینی جیاواز، ڕەنگە ئەوەیان پەیوەندی بەو باسەوە نەبێت، بۆیە لە داهاتوودا هەوڵ دەدەین بگەڕێینەوە سەری.

فاروق سەرباری توێژینەوەکانی لە بواری فەلسەفە، سەرئەنجام باسی لە ڕۆڵی ڕۆشنبیر کرد وەک زۆڵێک کە باوکێکی شەرعیی نییە، ئەو گومانە لەڕاستیدا پەیوەست نەبوو بە وەزیفەی ڕۆشنبیر لە هەناوی کۆمەڵگادا، هێندەی وابەستەی تێگەیشتنی فاروق بوو لە کاری بەگرووپ و هەموو جیاوازیەک وابەستەی جیاوازبوون نییە، ئەوەی پێیدا تێدەپەڕین وابەستەی سەرەتای تێگەیشتنی کاری گروپگەلی ئەو نووسەرانە بوو، ئەویش زوو درکی کاریگەرنەبوون دەکات و تێکستێکی شیعری دەنووسێت بەناوی "ئەفسووس من لە خۆرهەڵات نامرم"، ئەو تێکستە سەرەتای ئەو دنیابینیەی ئەو بوو، دواتر لە نووسینەکانیدا تێیدا قووڵ بووەوە.

ئەو تێکستانە چەندە ئیشکردنی ڕۆشنبیر بوو وەک مۆدیلێکی نوێی ناو ژیانی فەرهەنگیی ئێمە، لە هەمان کاتدا زەمینەی بۆ گوتارێکی نوێ خوڵقاند کە شکاندنی پەیکەری باوکی سیاسی خەونی ڕۆشنبیرە، بەڵام ئەو گوتارە بۆ ڕۆشنبیر لە واقیعدا وێنەیەکی ترە، بۆ مەرگی هەر کارەکتەرێکی سیاسی ڕۆشنبیر کەوتووەتە شینگێڕان بۆ باوک، ڕۆشنبیر لە مەرگی سیاسیەکدا دڵخۆش دەبێت کە باوکی نەکوشت، وەک کوڕی گەورەی حەسار تەنیا خەونی بە کوشتنییەوە بینی، ئەوەتا لە مەرگی باوکدا ئەگەر بیکوشتبا هەموو دەیانگوت "هەی باوککوژ".

ڕۆشنبیران کە دوای ڕاپەڕین ویستیان لە وێنەی پیرۆزی باوک بدەن وەک سەرکردەی سیاسی، وتارە پرسە ئامێزەکان و بە پیرۆزکردنەوەی باوک پێمان دەڵێن ئەوان لە دەرەوەی تیۆر هێشتا لە ستایشی باوکدان، هەموو ئەو بیانووانەی دەگوترێت "ئەو باوکە لە باوکانی تر نەدەچوو" ئەوە بۆ ئەندامانی گروپێکی سیاسیش ڕاستە کە سبەینێ لە مەرگی سەرکردەیەکدا بڵێن "سەرۆکی ئێمە لە هیچ سەرۆکێک نەدەچوو".

ئێستا ڕۆشنبیران لەبەردەم گەڕانەوەی چەمکی پیرۆزگەران بۆ باوکی کوژراو، ئەو باوکەی ئەوان نەیانتوانی بیکوژن و خۆی مرد، مردنێک ئێستا هەموو پرسە دەگێڕن بۆ ئەو مەرگە، بەڵام لەو پرسەیەدا دەبێت ئەو نەوە نوێیەش لەوان بپرسێت: لە ماوەی بیست و پێنج ساڵی ڕابردوودا بۆ بەو هەموو وتارە فریوتانداین و ئێمەتان کرد بەگژی باوکاندا و خۆشتان ستایشی باوک دەکەن، چەمکە دژەکانتان گۆڕییەوە بە چەمکی ستایش.. ئێوە کە ئومێدتان کرد بە نائومێدی، ئێستا لەناو نائومێدیی ئێمەدا چ ئومێدێک لە پرسەنامەکانتانە.

ئەو دەنگە دەشێت دەنگی نەوەیەکی نوێ بێت ئاراستەی ڕۆشنبیری بکات، بەڵام دیسان ئەوە ڕەوانبێژی زمانە دەیەوێت فریومان بدات، بۆ ئەوەی چیتر فریونەخۆین بە گوتاری ڕۆشنبیر، وەک فریوخواردن بە گوتاری سیاسی، ئەوەی هەیە ئەو حەقیقەتەیە کە ڕۆشنبیر دەیویست باوک بکوژێت تا خۆی ببێتەوە بە باوک، شکاندنی پەیکەری باوک بۆ داتاشینی پەیکەری ڕۆشنبیر بوو وەک باوک.

# تێچاندن و لەدەمەوەدان، یان سانسۆڕ؟(*)

## (ئاوات)ی عەبدوڵڵا جەوهەر وەک نموونە

ئەحمەد سەید عەلی بەرزنجی



چاپ و چاپەمەنی کوردی سەروساختییەکی گەرمی لەگەڵ سانسۆر و ڕێبەندکردن لەلایەن دەسەڵاتی عارەبیی عێراقیەوە هەیە. سانسۆر ئەو چاودێرییە وردەیە کە هەمیشە دەسەڵاتە ستەمکارە شموولیەکان، یان حیزبە تاکڕەوەکان لە بەرامبەر هەر ڕاوبۆچوونێکی نووسراو، بیستراو یان بینراوی موخالیف بە نەهج و ڕێبازی خۆیان بەکاری دێنن بۆ ڕێگری لە بڵاوکردنەوەیان، ئەمەش لە ترسی گەشەکردنی بەرهەڵستکاری و ڕای جیاواز. حکومەتەکانی عێراق، لە دروستبوونیانەوە لە (1921) تا حاڵی حازر ئەمەیان پەیڕەو کردووە و بەقانوون چەسپاندوویانە. سەرەتا (قانوونی مەتبووعاتی عوسمانی)یان بۆ چاودێریکردنی بڵاوکراوە و ڕۆژنامەکان پەیڕەو کردووە، پاش جێگیربوونی دەسەڵاتیش وەک لە نووسینێکی تردا پێشتر باسم کردووە (ڕووداو ژمارە 108 – 11/3/2019) لە 1931 قانوونی چاپەمەنی عێراقی دەرکرا، بەڵام وەک ئاشکرایە ئەم جێبەجێکردنە زۆر ورد و بەدواداچوونی بۆ نەدەکرا، چونکە کارەکە بەرەوڕووی فەرمانگەیەکی بچووکی کەم ئەزموون کرابووەوە بەناوی (مولاحیزییەتی مەتبوعات) و دوایی بووە (مودیرییەتی دیعایەی عام) لەجێی وەزارەتی ڕاگەیاندن و ڕۆشنبیری ئەم سەردەمە، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا حکومەت ئاگای لە گشت ئەو بابەتانە بوو کە چاپ و بڵاودەکرانەوە، لەمەوە زۆر ڕۆژنامە لەسەر سەرپێچی و بڵاوکردنەوەی بابەتی (یاساغ) داخران، دەیان ڕۆژنامەوان درانە دادگە و سزا دران. زۆربەی ئەمانە ئازایەتی (ڕەقابە و دەزگاکەی) نەبوو، ئازایی سیخوڕ و ڕاپۆرتنووسی شەخسی و ناحەزانی ئەم لایەن و ئەو کەس و ئەو ڕۆژنامانە بوون کە (هەر بۆ خۆبەخشی و لە بەدکاریی خۆیان) خەڵکیان لەدەمەوە دەدا و بۆیان تێدەچاندن. خۆ لە لیواکانیشدا، ئەو دەزگا چاودێرییەی حکومەت لقی تایبەتی نەبووە، ئیدارەی لیواکە لەم ڕووەوە دەستکراوە بووە، پشتی بە سیخوڕ و جاسووس و پیاوخراپانی ناوخۆ بەستووە تا چاودێریی کۆمەڵگەیان بۆ بکەن.

هەر بەم شێوەیە دەبینین (سەبارەت بە چاپەمەنیی کوردی) لە بەغدا نامیلکەی (دوو تەقەڵلای بێسوود)ی ئەمین زەکی بەگ ڕێبەند کرا، لە سلێمانی هەندێ کتێب و نامیلکەی وەک (گوڵاڵە) و (ئادەمیزاد لەسایەی دەرەبەگیدا)ی مەحموود ئەحمەد و (هەنگاوێک بۆ سەرکەوتن)ی میرزا مەنگوڕی و (ئاوات)ی عەبدوڵڵا جەوهەر دەستیان بەسەردا گیرا و نەهێڵرا بڵاوببنەوە. جێی سەرنجە کە ئەمانە ناوەڕۆکەکانیان زۆر سادە و ساکار و ئاسایی بوون لەڕووی هزر و بۆچوونەوە: هاندانی خەڵک بۆ خوێندن و خوێندنەوە و کارکردن بۆ گەیشتن بە ئاستی گەلانی پێشکەوتوو و هێنانەوەی نموونە لەسەر گەورە پیاوانی زانست و فیکری ناو میللەتانی ئەوروپا و ئامریکا و ژاپۆن و..... تاد. ئا ئەم بابەتانەی کە وەک دەگوترێ (هیچ زیانێکیان بۆ پەزەکە نەبووە) قەدەغە کراون، کەچی لە بەرامبەردا نامیلکەگەلێکی وەک (کورد لەکەیەوە خەریکە)ی عەلی عیرفان و (بەرەو ڕووناکی) ع.و. نووری و (هەزار بێژوبەند)ی مەعرووف جیاووک ڕێیان لێ نەگیرا لە گەیشتن بەدەستی خوێنەران. ئەمە ئەو بۆچوونە دەسەلمێنێ کە پێشتر گوتمان (نەک سانسۆر بەڵکو هەواو هەوەسی سیخوڕ و کەسانی بەدخوا و خراپ) دەستیان لەو دیاردەیەدا بووە.

لەم سونگەیەوە دەمەوێ تەجرەبەیەکی ئەو دیاردەیە بخەمەڕوو: نامیلکەی (ئاوات)ی عەبدوڵڵا جەوهەر، وەک مامۆستا عومەر مارف بەرزنجی بۆی باسکردم، ڕێک وەک تراژیدیایەکی دنیای کتێبی کوردی دێتە بەرچاو، بەپێچەوانەی ئەو باسانەی کە گوایە (لەلایەن بەریتانییەکانەوە ئەم کتێبە دەستی بەسەردا گیراوە، سەرباری هەوڵی پیرەمێرد لەلای بەریتانییەکان بۆ ئازادکردنی) (1) بەڵام کە دەڕوانینە ڕێڕەوی کارەکە زۆر ئاسایی و سادەیە. نە بەریتانییەکان و نە سانسۆری بەغدا ئاگایان لەمە نەبووە.

عەبدوڵڵا جەوهەر (1920 – 1982) ڕۆشنبیر و نووسەر و ئەدیب و ڕەخنەگرێکی بەتوانا بووە، ئینگلیزیزانێکی باش بووە، دەرگای ڕۆشنبیرییەکەی بەو ڕووکارەشدا ئاوەڵا بووە، گەلێ وتار و چیرۆک و نووسینی جوانی بەچاپنەکراوی ماونەتەوە و هەندێکیشی لە گۆڤاری گەلاوێژ و هەفتەنامەی (ژین) دا بەناوی (ج.ع، جەوهەر، ع.جەوهەر، ع. چالاک )ەوە بڵاوکردوونەتەوە، خاوەنی بیرێکی نەتەوەیی پاک و دڵسۆز بووە، مەند و لەسەرخۆ و کەمدوو و ئاغر، لەگەڵ پرۆفیسۆر جەمال نەبەز و هاوڕێکانیدا یەک لە دامەزرێنەرانی (کاژیک) بووە. بەر لە مردنی، ئەم چیرۆکەی بۆ مامۆستا عومەر بەرزنجی گێڕاوەتەوە و ئەویش لە 9/8/2018 بۆ منی باسکرد:

(ڕۆژێک لە ڕۆژەکانی ساڵی 1937 کە قوتابی قۆناغی ناوەندی بووم، لە دەفتەرێکی بچووکدا هەندێ بیروبۆچوونی خۆم نووسیبوو، چوومە قەلەندەرخانەکەی پیرەمێرد و دامە دەستی. گوتم: بۆم چاپ بکە.

لێی وەرگرتم و ماوەیە ئەمدیو و ئەودیوی پەڕەکانی کرد و، پاش کەمێ ڕووی تێکردم و گوتی: بچۆ باوکت بێنە. گوتم: بۆ؟ گوتی: دەڵێم بچۆ باوکت بێنە. بێدەنگ هاتمەدەرێ ، بۆ سبەی باوکم نارد بۆ لای، کە هاتەوە ماڵەوە گوتی:

حاجی تۆفیق دەڵێ باشە چاپی دەکەم، دینارێک و پێنج سەد فلسیشی لێ سەندم.

ماوەیەک بەسەر ئەمەدا چوو، ڕۆژێک لە بازاڕ دەسووڕامەوە، کاک ڕەحیمی کۆڵەبی پۆلیسم بینی (3)، بانگی کردم و گوتی: چیت کردووە؟ گوتم بۆ؟ هیچم نەکردووە! گوتی نابێ، دەبێ شتێکت هەر کردبێ. گوتم: وەڵڵا هیچ شک نابەم کردبێتم. گوتی: دەیسا پۆلیس بۆ بەدواتدا دەگەڕێ؟.. بە سەرسوڕمانەوە گوتم: نازانم. گوتی: ئێستا بڕۆرەوە بۆ ماڵەوە، مەیە دەرەوە و خۆت دەرمەخە.

بۆ سبەی، دەبوو بچم بۆ مەکتەب (قوتابخانە)، لەوێ بەڕێوەبەرەکەمان بانگی کردم و گوتی: وەرە عەبدوڵڵا، بزانم جەنابی موتەسەڕیف بۆچی تۆی دەوێ؟

گوتم: نازانم. گوتی: دە وەرە بابچین بۆ سەرا، من وەک بەڕێوەبەر بەتەنیا ناتنێرم. دێم لەگەڵت بزانین چییە.

کە چووین، منیان بردە لای موتەسەڕیف.

ئەوکات مەجید یەعقووبی (4) موتەسەڕیف بوو، بەخێرهاتنی کردم و داینام، لەناو و صنف (پۆل) و ئیشی باوکم و چۆنێتیم لە دەرس و دەوری مەکتەبدا و... لەم شتانەی پرسی. پاشان گوتی: کوڕم ئێمە گەر بمانەوێ سەرکەوین بۆ سەر شاخی گۆیژە، لێرەوە دەستناکەین بە ڕاکردن، دەبێ وردە وردە تا بناری شاخەکە ڕێگە ببڕین، لەو بنارەوە تین بدەینە خۆمان تابتوانین بەو بەرەو ژوورکەیەدا سەرکەوین و بگەینە سەرەوە.

ئینجا دەستی برد لە چەکمەجەی مێزەکەی بەردەمیدا دانەیە لە نامیلکە چاپکراوەکەمی دەرهێنا و پیشانیدام و گوتی: ئەمە چییە نووسیوتە؟... کوڕم نابێ پەلە بکەین و کارێ بکەین پەشیمانی لەدوابێ.

دوای ئەوە هەستا و گوتی: ئێستا بڕۆ، جارێکی تر شتی وا مەنووسە و خەیاڵ بدەرە دەرس و دەورەکانت.

ئیدی من ئەو کتێبەی خۆمم بەچاو نەبینییەوە، هەتا ساڵی 1982 فەرمانبەرێکی شارەوانی بەناوی (ئەسعەد فەوزی میرزا) دانەیەکی بۆ هێنام، ئەویش لەناو باری گەڵلابەیەکی بەلەدییەدا کە پڕکرابوو لە کاغەزە کۆنە و فایل و ئەوراقی ماوە بەسەرچووی فەرمانگەکە، بەمەبەستی سووتاندن و فەوتاندنیان براوە بۆ خوار عەربەت لە لێواری تانجەرۆ!! ئەو دانەیە لە کتێبەکەم لەناو ئەو بارە کاغەز و ئەوراقە کۆنانەدا بووە، کاک ئەسعەد هەڵیگرتووە و بۆی هێنابوومەوە... ئەوە یەکەم دانە و دوا دانە بوو کە بگاتە دەستم و بەچاو بیبینم).

ئێستا ئەو دانەیە لەلای مامۆستا عومەر بەرزنجییە، عەبدوڵڵا جەوهەر بە خەتی خۆی لە سووچێکی بەرگەکەی نووسیوە {بۆ یەکەمجار ئەمڕۆ ئەم کتێبەی خۆمم بینی، ئەویش بەهۆی کاک فەوزی ئەسعەد میرزاوە، لە 1982}... هەر دوای پێنج مانگ لەمە، مامۆستا عەبدوڵڵا کۆچی دوایی کرد! درود بۆ گیانی پاکی.

* * *

(سی. جەی. ئەدمۆندس 1889 – 1979 ) ناوێکی دیارە لە مێژووی شۆڕشەکەی شێخ مەحموود لە سلێمانی، دوای گرتنەوەی شار بۆ دووەمجار، بەهاری 1923 هاتەوە ناو شار وەک ئەفسەری سیاسی و کەوتە ڕێکخستنەوەی ئیدارەی دەڤەرەکە .کە شێخ ئەشکەوتەکەی جاسەنەی چۆڵ کرد و بەرەو شارباژێڕ چوو، ئەدمۆندس خۆی گەیاندە ئەو ئەشکەوتە و دوو ژمارەی (بانگی حەق)ی دەستکەوت کە لەوێ بەچاپ گەیەندرابوون. لە چەسپاندن و دامەزراندنی حوکمە عارەبیەکەی بەغدا لە کوردستاندا دەورێکی کاریگەری هەبووە، ئەندامی لیژنەی یەکلاکەرەوەی ئەیالەتی مووسڵ بووە، دواجار ڕاوێژکاری وەزارەتی ناوخۆی عێراق بووە و بەشداریی دەیان کۆبوونەوە و کۆنفرانسی نێودەوڵەتی کردووە لەتەک شاندی عێراقی. پێی لە سلێمانی نەبڕیوە، ناوبەناو سەردانی دۆست و ئەحبابەکانی لە شاردا کردووە و بەسەری کردوونەوە، دواجار کە کاری لە عێراق تەواو بوو، سەردانی سلێمانی کرد بۆ ماڵاوایی لێیان. بەینی لەگەڵ پیرەمێردی شاعیر گەلێ خۆش بووە.


جگە لە پلە سەربازی و سیاسییەکەی، خولیایەکی سەیری بواری ئەدەب و ڕۆشنبیری و فەرهەنگی هەبووە، چەندین وتاری لەم بابەتانەی لەسەر ئەدەب لە چاپەمەنیی کوردیدا هەیە، یەکەم کەسە کە (بیبلیۆگرافیایەکی مەتبوعاتی کوردی) ڕێکخستووە و لە گۆڤاری (سەنترال – ئاسیان ژورناڵ) لە 19ی مایسی 1945 بەرگی دوو، ژمارە 32 بڵاوکردووەتەوە.

لە لەندەن خاوەنی کتێبخانەیەکی دەوڵەمەند بووە، زۆربەی ئەو کتێب و ڕۆژنامە کوردیانەی کە لەسەردەمی خۆیدا لە کوردستان و بەغدا دەرچوون، لەوێدا پاراستوونی، لەو بیبلیۆگرافیایەی کە باسکرا، لە بەشی (دینی – ئەخلاقی) بە زنجیرەی 23 تەرخانە بۆ {ئاوات، ناڵەی دڵی عەبدوڵڵا جەوهەر. چاپخانەی ژیان}.

دەڵێن د.عیززەددین مستەفا ڕەسوڵ دوای سەردانەکەی بۆ لەندەن، گوتوویەتی: کە چوومە کتێبخانەکەی ئەدمۆندس دانەیە لە کتێبەکەی عەبدوڵڵا جەوهەرم دی، لێی نووسرابوو: (ئەم کتێبە بەرهەمی لاوێکە بەتەقریری ئەحمەدی عەزیز ئاغا (5) نەهێڵرا بڵاوبێتەوە، خاوەنەکەشی لە داخان سەری خۆی هەڵگرت و بوو بە عەسکەر ... پیرەمێرد).

من وای بۆ دەچم هەر پیرەمێرد ئەو دانەیەی دابێتە ئەدمۆندس.

بەم شێوەیە تراژیدیای سانسۆر، یان ڕاستتر ڕێبەندکردنی کتێبێکی کوردی بەوە کۆتایی دێت کە تەنیا دوو دانەی لێ ڕزگار دەبێ. بۆ مێژوو و وەک شایەدێ کە خۆبەخۆ ڕێی لێ گیرا و نەهێڵرا ئاواتی گەنجێک بێتەدی.








### پەراوێزەکان:

**(*) تێچاندن و لەدەمەوەدان: دوو زاراوەن بەرامبەر بە (بۆهەڵبەستن، فیتنەیی، زەمکردن و بەدخوایی..) بەکاردێن.**

(1) پێشەکی لەچاپدانەوەی (هەنگاوێک بۆ سەرکەوتن ) نووسینی جەمال حسێن، ل 16

(2) جەمال نەبەز: کۆمەڵەی ئازادی و ژیانەوە و یەکییەتی کورد- کاژیک – سلێمانی 2015 ، سەرەتای کتێبەکە.

(3) کاک ڕەحیمی پۆلیس: باوکی مامۆستا عومەر عەبدولڕەحیمی هونەرمەند و ئەدیب و نووسەر.

(4) مەجید یەعقووبی: حەوتەمین موتەسەڕیف بووە کە لە بەغداوە بۆ سلێمانی دانراوە، بەتوندوتیژی لە ئیدارەدانیدا بۆ شار بەناوبانگ بووە، لە پیرەمێردی هەڵپێچا و (ژیان)ی داخست، لەبری ئەو (زبان)ی وەک ڕۆژنامەی حکومەت دەردەکرد، هەوڵی تیرۆرکردنی دراوە و تەقەیان لێ کردووە، لە 1/10/1937 هەتا 17/12/1939 لە سلێمانی مایەوە.. بەڵام سەیر لەوەدایە کە بەو نەرمونیانیە لەگەڵ ئەم قوتابییەدا مامەڵەی کردووە!

(5) ئەحمەد عەزیز عەبدوڵڵا ئاغا (1894 – 1968) لە سلێمانی لەدایک بووە و خوێندنیشی هەرلەوێ بووە، لە سەردەمی شێخ مەحموود بووەتە مامۆستا و دواجار کراوەتە فەرمانبەر و کاتب لە دیوانی موتەسەڕیف و بەڕێوەبەریتی خۆجێیی، سەردەمێ کتێبێکی ئەلف و بێی عارەبی گۆڕیوە بۆ کوردی تا لە قوتابخانە سەرەتاییەکاندا بخوێنرێ ، بەڵام دەگوترێ هەموو شتێک بووە کوردی نەبێ. پیاوێکی قسەخۆش و نوکتەباز بووە.